ئەفسانەی "خەباتی چەپ"ی نەتەوەیی" و ئاستەنگەکانی بەرژوەندی ناسیونالیزمی چەپ-3-.. سابیر محەمەد

بەشی کۆتایی

سەرتای ئاشنابوونی نیپال بە باسی کۆمۆنیستیەکان ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی 1930 بەدواوە، ئەویش پاش بڵاوبوونەوەی نوسراوە کۆمۆنیستیەکان لەلایەن کادرانێکی سەرکی وەک (جانجالا شریستا- Gengalal Shrestha [٦] و (داشرات تشاند – Dashrath Chand Thakuri)، کە ئیلهامی سیاسیان لە بزووتنەوەی سەربەخۆبوونی هندستان و گۆنگرەی میللی هندستان وەرگرتبوو، وە لە درێژەی ئەم خەباتەدا لە ساڵی 1941 لەگەڵ دوو هاوڕێیانی تریان لە سێدارە دران .

بۆگومان وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە کە بەرنامەی سیاسی پارتە ماویەکانی نیپال و ناوچەکە، لەسەر بنەمای ئەپێزیسیۆنی بەرژوازی نیشتمانی دژ بە هوکاری هوکشی فەرمانڕەوایەتی ژێمی پاشایەتی دامەزراوە، کە خۆی لە گۆڕینی سەرانی حاکمڕەواکان و شێوەی حوکمڕانیدا ئەبینیەوە.

ئەوەی شایانی باسە خەباتی ئەپێزیسیۆنی بەرژوازی، خەباتێک نیە دژ بە بنەمای ئابووری و سیاسی ژێمی سەرمایەداری، بەڵکە جۆرێکە لە ئیفەرمیزمی میللی .

لەسەر ڕەشنایی ئەم بنەما سیاسیانە، ئەوەبوو لە ساڵی1950 (پارتی کۆنگرەی نیپال – NC) ، لە ئەنجامی یەکگرتنی (پارتی دیمۆکراتی نیپال – NDC) وە (کۆنگرەی میللی نیپال- NNC) پێکهات .

وە ئامانجی سەرەکی تەواوی ئەوبزووتنەوە هەوتە سیاسیانەی کە ناڕازایەتی و هەڵچوونە جماوەریەکانیان ڕابەرایەتی کردووە، کۆتایی هێنان بوو بە دەسەڵاتداریەتی ڕەهای بنەماڵەی پاشایەتی (ڕانا – Rana Dynasty) یەکان بوو، کە لە نێوان ساڵەکانی نێوان (1846-1951) دەسەڵاتی سیاسی وڵاتی نیپالیان بەدەستەوە بوو.

گرچی دوای کۆتاییهاتنی قۆناغی دەسەڵاتداریەتی ڕەهای بنەماڵەی (ڕانا – Rana Dynsty)، خودی ژێمی سیاسی پاشایەتی کۆتایی نەهات و

تا ساڵی 2008 ئەم ژەمە سیاسیەی پاشایەتی هەربەردەوام بووە، وەک هەندێک گەلانکاری لاوەکی تیایدا .
لە درێژەی ئەم هەلومەرجەدا و بە نهێنی لە 22. 9. 1949، دا پارتی کۆمۆنیستی نیپاڵ(CPN) لە لایەن (پوشپا لال شیریستها – Pushpa Lal Shrestha و چەندین لە هاوڕێانی تری دروستکرا، ئامانج دوای لە سەدارەدانی براگەورەکەی بەناوی (جانجالال شریستا – Gengalal Shrestha) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تری کە پێشتر ئەندامی بزووتنەوەی (نیپاڵ براجا باریشاد) بوون، کە خەباتیان ئەکرد لە پێناو کۆتایی هێنان بە ژەمی پاشایەتی و ئەو سیستەمەی کە لەوکاتانەدا لە ئارادا بوو بەناوی سیستەمی
(پانشایات-Panchayat).)
بەڵام بەهەی دروست بوونی جیاوازی بیروبۆچوونی فکری لە ماوەی نێوان ساڵەکانی نێوان (1960- تا 1990)، سەبارەت بە هەڵوێستگرتن لەبەرامبەر ژەمی پاشایاتی و هێزوهاوپەیمانێتی چوونە ناو کوالیسیۆن و یەکگرتن لە ناو پارتەکانی تردا ، بە نموونە لە ساڵی 1962 دا جیاوازیەکانیان سەبارەت بە هەڵوێستگرتن لەبەرامبەر (پارتی کۆنگرەی میللی نیپاڵ)و لە ئەنجامدا جیابوونەوە ڕوویدا و دابەشبوون بەسەر دوو لایەندا ، لایەنێک لایەنگری چین و ماو تسی تۆنگ بوون، لاکەی تریشیان لایەنگری یەکێتی شوورەوی و کۆمۆنتەرنی ستالین بوون، هەر بەم هۆیەوە لە ساڵی 1974 دا فراکسیۆنێک بە ناوی (سەنتەری ناوەندی) لە ناو پارتەکەدا دروست بوو، کە دژایەتی پڕۆسەی هەڵبژاردنەکان و ڕیفراندەمێک بوو کە پاشا ڕایگەیاند .
وە دواتر لە ساڵی 1978 دا پارتی کۆمۆنیستی (مارکسی – لێنینی) بەسەرکردایەتی (شارما ئەلی ومان موهان ئەدیکاری) دروست بوو، کەسەر بە جهانبینی سیاسی ستالین و شوورەوی بوو.
بەڵام لە پاش ساڵی 1990 و بەشداریکردن و یەکگرتنی چەندین گروپ و تاقمی کۆمۆنیستی لەگەڵ پارتی کۆنگرەی میللی نیپاڵدا ، کە بەیەکەوە لە بزووتنەوەیەکی جەماوەریدا کە بە (بزووتنەوەی گەل – Jana Andolan) ناسرابوو ، وە توانیان کۆتایی بە ژەمی ڕەهای پاشایەتی بهێنن و لە شوێنیدا ژەمەکی پاشایانەی "دەستووری و دیمۆکراتی فرە حیزبی" دامەزرێنن .
لە درێژەی ئەم ململانێدا لەساڵی 1991 دا پارتی کۆمۆنیستی (مارکسی – لێنینی) ، لەگەڵ دەستەیەکی دیاریکراو بەناوی (ناوەندی سۆسیالیستی) توانیان یەکبگرن و بەمجۆرە پارتی کۆمۆنیستی (یەکگرتووی مارکسی – لێنینی) (CPN UML) دامەزراند.
لە پاش ئەم یەکگرتنەدا ئەوبوو (پارتی یەکگرتووی مارکسی-لێنینی- CPN UML) سەرکەوتنەکی گەورەیان لە هەڵبژاردنە

پەرلەمانیەکانی ساڵی 1994 دا بەدەستهێنا، وە بەهۆی زریانی دەنگەکانیانەوە لە پەرلەماندا توانیان یەکەمین حوکومەتی بەناو کۆمۆنیستی لە نیپاڵدا ڕابگەیەنن.
بەهۆی ئەم گۆڕانکاری و هێرشە جیاوازی فکری نێوان پارتە سیاسیەکان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی حوکومەت شێوەکی ناوخۆیی هەڵگیرسا لە سەرەتای ساڵەکانی 1995 تا – 2006 دا درێژەی خایاند.
سەرەتای دەسپێکی شەڕی ناوخۆیی لێوەوە دەستی پێکرد، کە کۆمەڵێک لە ئەندامانی پارتی کۆمۆنیستی یەکگرتووی مارکسی- لێنینی CPN UML، بەسەرکایەتی (پاشاشا پڕاچاندا) جیابوونەوە لە حیزب وئەو ژمارە سیاسی و حوکومەتە دروستکراو نوێیان بە بکرگیراوی وڵاتانی ئیمپریالیستی ناساند و، لە سەرەتای ساڵی 1995 دا پارتێکی نوێان بەناوی (پارتی کۆمۆنیستی نیپاڵی – ماویست – CPN- Maoist) دروستکردو لە 13 .2. 1996 دا بانگەوازی دەستپێکردنی (شەڕی میللی)یان خەباتی چەکداری ڕاگەیاند، چونکە ئەوان پێیان وابوو لەسەر هێشنایی باسەکانی ماوتسی تۆنگەوە ئەتوانن لە ڕێگەی شەڕی چەکداریەوە (کۆماری میللی نیپاڵ) دابمەزرێنن، وە لە گوندەکانەوە هێرش بکەنە سەر شارەکان ودواتر کۆمارێکی دیمۆکراتیک دامەزرێنن.
دواتر لەساڵی 2003 دانوساندن و ڕێکەوتنەکیان ئیمزا کرد کە هێرشە چەکداریەکانیان لەبەرامبەر حوکومەتدا بوەستێنن بە ماوەی ساڵێک، بەڵام ئەم ڕێکەوتنە چەند مانگێکی خایاند و هەڵوەشایەوە، وبەمجۆرە درێژەیان بە قۆناغێکیتر لە شەڕو خەباتی چەکداریداو ئەم هەلومەرجە خوێناویەیان بەسەر چینە چەوساوەکانی نیپاڵدا سەپاند کە نزیکەی (10 ساڵ)ی خایاند و نزیکەی 17000 هەزار لە خەڵکی گوند و شارەکانیان بە کوشتدا و سەدەها هەزار کەسی تریان لە دانیشتوانی گوندەکان ئاوارەو دەربەدەرکرد .
ئەوبوو لەساڵی 2006 لەسەر وەختی دووەمین بزووتنەوەی خرۆشان و ناڕازایەتی گشتی خەڵک لە نیپاڵ، کە بەسەرکایەتی هەر حەوت پارتە سیاسیەکانی ناو وڵاتدا بەڕێوە ئەچوو، وە پارتی کۆمۆنیستی نیپاڵ – ماویستەکانیش بەشێک بوون لەم جووڵە جەماوەریە ، توانیان بەیەکجاری ژمی پاشایاتی بوخەنن و بەمجۆرە (ماویەکان) توانیان ڕێکەوتنامەیەکی بەرفراوانی ئاشتی لەگەڵ سەرانی حوکومەتدا ئیمزا بکەن و هەڵچەکداریەکان تێکەڵ بە سوپای فەرمی نیپاڵ کرد و وەبوون بە بەشێک لە سیستەمی حوکومەانی وڵات، بەڵام سەرباری بوونی ئەم هەلومەرجە شۆشگێڕانەیە و گۆڕینی ژمی پاشایەتی، هەلومەرجی خەیی(ذاتی) کرێکاران و چینە چەوساوەکان و سیاسەتی کۆمۆنیستی

پەلیتاریای شۆشگۆ ئامادە نە بوو بە ووخاندنی یەکجارەکی سەرمایەداری لە نیپال، کە بە ئەقڵیەکی گرنگی بەستنەوەی سەرمایەداری لە چین و هندستان دائنرێت، لە لایەکی ترەوە جیهانبینی دیمەکراتیزمی بەرژوایی و یەفەرمیستە ماوی و ستالینیەکان بەتەواوی لەسەر ئاستی ناوچەکەو جیهان یەسوابوون وەیزبەندی سیاسی و فکری خۆیان دژ بە خەباتی چینایەتی کرێکاران و چەوساوەکان ئاشکرا کرد .
بەنام دوای ئەوە لە ساڵی 2009 دا ماویەکان ناوی پارتەکەیان گۆڕی بۆ (پارتی کۆمۆنیستی نیپال – ناوەندی ماویستەکان-(Maoist CPN) Centre.
دوای ئەم گۆڕانکاریانە قۆناغێکی تازەی یەکگرتن و هاوپەیمانیەتی لە نێوان ئەو دوو پارتە گەورەیەدا هاتە پێش و ئەوکاتە لە ساڵی 2018 دا پارتی (CPN (UML بەسەرکایەتی ک. پ. آولی، و پارتی (CPN Maoist Centre) بە سەرکایەتی پراشاندا، وە لە ئەنجامی ئەم هاوپەیمانی و یەکگرتنەدا توانیان لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکانی وەاتدا سەرکەوتن بەدەستبهێنن، و بڕیاریان دا پارتێکی نوێ لەژێر ناوی (پارتی کۆمۆنیستی یەکگرتووی نیپال -(Unified CPN بنیات بنێن بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە دووبەرەکی سیاسی و پێکهێنانی پارتێکی سیاسی یەکگرتووی خاوەن توانا.
بەڵام هێندەی نەخایاند ئەوبوو لە ساڵی 2021 دا، بەهۆی کێشەی دابەشکردنی پۆستە حوکومیەکان وە قەوارەی دەسەڵاتیان بە پێچەوانەی ئەو بڕیارانەی کە پێشتر لەسەری ڕێکەوتبوون، ئەم یەکگرتنەی نێوان دوو پارتەکە هەڵوەشایەوە، جارێکیتر هەریەک لە آولی و پراشاندا پارتە سەرتایەکەی خۆیان بەهەمان ناوەکانی پێشووی خۆیان سەرلەنوێ زیندوکردەوە.



خەباتی چەکداری و پارلەمانتاریزم

وە تا ئێستاش ئەم دوو پارتە گەورەو سەرکیە لە نیپال لە بازنەیەکی داخراوی ململانێ و یەکگرتنەوەو هاوپەیمانیەتی وجیهانبینی خەباتی چەکداری و سازش و دانوساندن و بەشداریکردن لە دەسەلاتی پارلەمانتاریزمی بەرژوازیانەدا ئەژین و ماونەتەوە، چ لە نێوان خۆیاندا چ لەگەڵ (پارتی کۆنگرەی میللی) ، کە خۆی لە خۆیدا بوونەتە هەشتنەوەی ئاسایەکی ئاگرزو نادیار و پڕ لە ئاشوبی سیاسی لە وڵاتەدا، وە بوونەتە مایەی چەواشە کاری و بەلادابردنی خەباتی دروستی چینایەتی لەو ناوچەیەدا.

بازنەی داخراوی سیستەمی هەڵبژارنی بەرژوازیی پارلەمانی، هەشتا گەورەترین کەڵەکە و ئامرازی خزمەتی وسیاسەتی چەواشەکارانەی بزووتنەوە سیاسیەکانی چەپی ڕیفۆرمیست و پۆپۆلیستیە شۆعبەویەکانی سەر بە ئەردوگای ماوتسی تۆنگ و ستالینیەکان وهەروەها چەپە ڕیفۆرمیستیە کرێکارییەکانی تر کە سەر بە ئەردوگای سۆسیال دیمۆکراسی وڵاتانی ڕۆژئاوان، هەر هەموویان بوونەتە کەسپ وتەگەرەو ئامرازی فریودان و بەلادابردنی ناڕازایەتیە کرێکاری و جەماوەریەکان لە نیپال و وڵاتانی دراوسێ و بگرێ جیهانیش، وە ئەم جارەش دیمۆکراتیزمی بەرژوایی و چەپی ڕیفۆرمیستی ئەم پارتانە لە نیپال شکستی خۆیان لە بەدیهێنەرنی وڵاتدا سەلماند ، وە دەریانخست کە هیچکاتێک ئەوان دەستی چینە چەوساوەکان نین وناتوانن وەک ئالتەرناتیفی ڕاستەقینەی حاکمیەتی سیاسی چینی کرێکارو چەوساوەکانی نیپال و ناوچەکە نین بگرن.

هەروەها سیاسەتی خەباتی چریکی و گەریلایی جوتیارانی ماویەکان وە جیڤارایستیەکان کە لەسەر بنەمای تێوانینی ڕزگارکردنی بەرژوازی نیشتمانی و ئازادی کەڵەکەو جووڵەی سەرمایەی خەمالی، کە لە ژێر

ناوی (خەباتی ڕزگاری نیشتمانی) دا بەڕێوە چوون درێژەی هەیە هەمیشە قازانجی بەرژوازی نیشتمانی و پاڵەمانتاریزمی بەرژوایی بە پشمەرجی سەرکی وەرگرتووە، وە بزووتنەوەی کرێکاران وجوتیارانیان بە شێوەی جەراو جەر سەرکوت وفریودراون وە خەباتی ئەوانیان بەلادا بردوە، بە نموونە سەندیکای کنفدرالیەی سندیکای مەزنی ANTUFE- R سەر بە پارتی (CPN-M) ماویکانە ، وهەمیشە لە ژێر هەژمۆنی بیاڵەکانی ئەواندا کاریان کردووەو کرێکارانیان لە چوارچێوەی سیاسەتکانی خیاندا شتکداوە، کە لە دوا ئەنجامدا سیاسەتکانیان بەدژی بەرژەوەندی خەباتی چینایەتی کرێکاران وە جوتیارانی چەوساوە و هەژارانی گوندکان شکاوەتەوە، وە هەر هەموو ئەم سیاسەتە سازشکارانەیش لە ژێر ناوی پاراستنی یەک ییزی خەباتی نیشتمانی بردەتە پێشەوە.
پارتێ ماویکان بەهەمان چێشنی ئەو وتەیی مارکس کە ئەڵێت (جوتیار تەنها سنووری دەوروپشتی لووتی خۆی ئەبینێت ، لە کاتی کەڵانی زەویکەیدا) ! ، ئەوانیش سنووری نەونەتەوەیی خەباتی چینایەتی پڕۆلیتاریا نابینن و لە چوارچێوەیکی تەسکی ئیفڕمیستی بەرژوازیاندا، کە لە سنووری دامێنی چیاکانی نیپاڵ وە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنکانی حوکومەتی وڵاتی نیپاڵدا تەناپەڕێت.



ئەنجامگیریکان وئاستەی خەباتی چینایەتی بزاڤ جەر بەجەرکانی (نەوەی Z)

هەوداکانی ئەم دوایانەی نیپاڵ، وەک سەرەتایەک و بەشێک لە شۆشکی کۆمەڵایەتی دژ بە گەندەڵی و بێکاری و چاوچنۆکی حاکمان و کاربەدەستانی دەوڵەت و چاوچنۆکی سەرمایەدارانی ناوخۆیی و گرانی و

یسوابوونی سیاسەتی یەفەرمیستانەی پارت و هەڵکشاوی کۆمۆنیست و چەپی جۆراوجۆر بەجۆرێکان لەسەر ئاستێکی بەرفراوانی ناوخۆیی و جیهانی، پاڵنەرێکی سەرەکی بوون بەهەڵسانەکی شۆڕشگێڕانەی لەم چەشنە.
نوێی (Z) سەرقافڵەی ئەم خرۆشانە شۆڕشگێڕانەیە بووە ، نەک لە نیپاڵ بەتەنها بەڵکە لە بنگلادش و سریلانکا و کینیاو مەغریب و پەشتریش لە عێراق، بگومان ئەم خرۆشانە جەماوەریە شۆڕشگێڕانە بەتەنها لە چوارچێوەی ئەم و ئەو وەاتاندا نامێننەوە و درێژەشی ئەبێت بەهەی قەیرانی ئابووری وسیاسەتی سەرکوتگەرانەو داگیرکاری ئیمپریالیستی و بەکرێگیراوی بەرژوا خەماڵیەکان و هەڵپەی کۆکەکەی سەرمایەو چەوساندنەوەی هەرچی زیاتری جەماوەرێکی ملیۆنی لە کرێکاران و تونژە چەوساوەکانی تر.
کۆپیکردنەوەی ئەمجارە لە خەباتێک کە پشت بە تەکنەلۆجیا و تەکنیکە مۆدێرنەکان و بەرنامە دیجیتاڵیەکانی تری وەک دیسکەرد و جۆرەکانی تر، بوونەتە دەروازەیەکی نوێی و سیمایەکی پێویستی کۆمەڵایەتیەکان وئامرازێکی هەڵکشتنی شۆڕش و ئاپۆڵینەکانی سەردەمی گۆڕانیزمی سەرمایەداری لەسەر ئاستی جیهان .
بگومان بەرنامە دیجیتاڵیەکان و تەکنیکە کۆمەڵایەتیەکان وەک ئامرازێکی بەرهەمهێنان و سەرکوتگەری سەرمایەداری نوێ، لە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری و کۆنترۆڵی خودی ئیمپریالیستەکان و بورژوا ناوخۆییەکاندایە، هەر بۆیە خاڵی وەرچەرخانی سەرەکی کە پێویستە بەسەر ئەم شۆڕشانەدا بێت، ئەوەیە کە جەماوەری ئاپۆیوی لاوان و چینە چەوساوەکان، پێویستە بگەڕێنەوە بۆ سەر بنەما واقیعیەکانی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی خەیان لەسەر زەوی وە کۆو کۆمەڵە وەڵکخراوە خەجەکانی خەیان لەسەر بەرپاکردنی شۆڕش تاوتوێ بکەن، نەک بەتەنها لەناو بەرنامە دیجیتاڵی و تەکنیکە کۆمەڵایەتیەکاندا، وە ئامادەسازی بۆ پێکهێنانی پارتی سیاسی شۆڕشگێڕی چینایەتی پڕۆلیتاریا لەسەر ڕۆشنایی میتۆدی دیالێکتیکیانەی مارکس وبەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی خەباتی فکری و سیاسی لێنین.
شۆڕشی تەکنەلۆجیای سەردەم هێندەی تر مرۆڤی کارگەر و تەکۆشەرانی لە جیهانی واقیعی و زیندووی خەیان دابڕیوە، توشی نامۆبوونێکی بەوونەی کردون.
ئەوان ئەگەر لە چوارچێوەی ڕەکخراوبوونێکی کاتی و ووکشیدا هەڵسوکەوت بکەن لە ڕەگەی تەکنیکە کۆمەڵایەتیەکانەوە، بۆ واتای ئەوە دێت کە مامەڵە لە گەڵ جیهانێکی گریمانەیی (ئیفتراضی) ئەکەن، کە ناتوانێت جێگیر بێت ودرێژەی هەبێت، بەمجارە شۆڕشی دیجیتاڵیزم وەک هەر ئامرازێکی تری سەرکوتگەرانە کار لەسەر هەشتنەوەی ناڕەزایەتیەکان ئەکەن کە لە مەودایەکی دیاریکراوو داخراودا نەچن

بەولاوە، کە خودی بەرژوەندی جیهانی لە پشتاوە بۆتاکردنەوەی ئەو هەلومەرجە شۆشگێڕانەیە سوودیان لێبینیت، وەک بەشێک لە بردنە پێشەوەی سیاسەتی چەواشەکارانەی لێبڕاوەیزمی جیهانی کە بریتیە لە ئۆفسانەی درۆزنانەی (ئازادی بیرو ڕاو ڕەخنەگرتن) ! کە لە چوارچێوەی یاسا و دەسەڵاتداریەتی سیستەمی سەرمایەداری جیهانیدا ئەیانهێنێتەوە.

تێکشکانی دامودەزگاکانی دەوڵەت و سوتاندنی پارلەمانە سەرکوتگەرو بەدناوەکەی دەسەڵاتدارانی بەرژوەندی لە نیپاڵ و شوێنەکانی تر، وە ناچارکردنی دەستکەشانەوەی سەرۆک وەزیران و کابەدەستانی ترلە کارکانیان، هەنگاوێکی گرنگی مەشخەڵی چوونە پێشەوەی ئامادەیی پرۆلیتاریای شۆشگێڕی نیپاڵ و سریلانکا و بەنگلادش و شوێنکانی تر، بەرەو ڕووخاندنی تەواوی بنەماکانی دەسەڵاتداریەتی سەرمایەداری.

بەڵام ئەمە تەنها هەنگاوێکە لە ڕاستای شۆشێکی مەزنتردا، وە ناکرێت بە کەم بگیرێت بۆتایبەت لە شوێنکی وەک نیپاڵ و سریلانکاو بنگلادش کە ڕەنگە بەدوای خۆیدا پڕۆلیتاریای هندستان و چین و پاکستان بهێنێتە سەر سکەی ئامادەکاری پێکهێنانی پارتی مارکسیستی پڕۆلیتاری لەو ناوچانەدا، هەروەک لێنین ئاماژەی پێدەکات:(هەرکەسێک چاوەڕوانی شۆشێکی کەمتایەتی “پاک” بێت، هەرگیز بە بینینی ناژی، کەسێکی ئاوا کە باسی شۆش دەکات لەو تێناگات کە شۆش چییە.) [۷]



بزاڤی تەشرینی (نەوەی Z) ی ساڵی 2019 لە عێراق

لە پەیوەند بە عێراق وهەرێمەوە، یەکێکی تر لە نمونەو جۆری ئەو خەباتەی کە لاوانی (نەوەی Z) لە نیپاڵ و شوێنکانی تری جیهان کە پێی هەستاون، بریتیە لە ڕاپەڕینی تەشرینی ساڵی 2019 لە بەغداو شارکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق، کە ئەو کاتە ئەزموونکی

شۆڕشگێڕانەی لەم چەشنەیان نمایش کرد، بەڵام بەهۆی نەبوونی پارتی پێشەوای شۆڕشگێڕی ئەم قۆناغەی سەرمایەداری، وە زاڵبوونی میلی ئیفەرمیستانەو لێبڕاڵی و مەزهەبی و میللی نیشتمانپەروەری لەناو ڕیزەکانیاندا، نەتوانرا ئاراستەی ئەم ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕانەیە بەرەو ڕوخاندنی سیستەمی سەرمایەداری و دەسەڵاتداریەتی بۆرژواکان لە عێراق و ناوچەکە.
تێکۆشەرانی سەربەخۆی مارکسیستی لە بەغداو ناوچەکانی تری عێراق، نابێت چیتر بەدەربەستی و خۆشباوەڕیەک نیشانبدەن لەبەرامبەر هێلومەرجێکی لەو چەشنەدا کە کرێکاران و چەوساوەکانی عێراق و لەوانەش هەرێم پێویستیان بە ئامرازی سیاسی شۆڕشگێڕانەی خۆیان هەیە، لە پێناو دژایەتی و ڕیسواکردنی مێژووی حاکمیەتی دەسەڵاتداریەتی لە عێراق وە هەرێم وحیزبە قەومی و لێبڕاڵی و ئیسلامیەکان و میلیشیا شیعەکان و تەواوی پاکێجی سیاسی چەپە ڕیفەرمیستە جۆر بەجۆرەکانی ئەو ناوچەیە.
یەکێک لە دەستخۆشکەکانی پارتێ کۆمۆنیستیەکانی نیپاڵ، بریتیە لە حیزبی شیوعی عێراقی لەروی میلی ڕیفەرمیستی شەعبەوییەوە، کە هەمیشە سات و سەودای لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق کردوەو بگرە بشکیش بوون لەم دەسەڵاتە کۆنەپەرستانەیە وە گەندەڵی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقیدا هەر لە سەرەتای دروستبوونیانەوە وەک میلەکی ڕیفەرمیستی شەعبەوی کۆمنتەرنی ستالینی نیشانداوە.
هەروەها تەواوی ئەو تاقم و ڕێکخراوە وردەبۆرژوازیانەی تر کە بەناوی پارتەکانی (کۆمۆنیزمی کرێکاری) یەوە کار ئەکەن وەک نمایندەی میلەکی ڕیفەرمیستی کرێکاری سەر بە ئەردوگای سۆسیال دیمۆکراسی وەاتانی ڕۆژئاوا.
گۆشەی سەرمایەداری و پەرەسەندنی خەباتی پڕۆلیتاریا لە هەرێم و ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، ناوەرۆکی ووردەبۆرژوازیانەی هەموو ئەم پارت و ڕێکخراوانەی خستەڕوو، وە شانبەشانی (ح.ش) ڕیزبەندی چینایەتی خۆیان لە گەڵ بۆرژوەندیەکانی بۆرژوا-کۆمبرادۆرەکانی عێراق و هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی عێراق نیشانداوە، بەتایبەت ئەودوو بەشەی کە پێیوەندیان بە کوردستان وعێراقەوە هەیە.
چونکە بەرنامەی فکری وسیاسی هەردووئەم میلە ڕیفەرمیستیە وئەم جۆرە لە (کۆمۆنیزم) بریتیە لە کۆمۆنیزمەکەی بۆرژوازیانە و ڕیفەرمستانە، ئیترچ میلی شەعبەوی کۆمنتەرنی ستالینی بێت ، یان میلی ڕیفەرمیستی کرێکاری بێت، کە هەردووکیان باوەڕیان بە بنیاتنانی سۆسیالیزمەکی بۆرژوازیانە هەیە لە ژێر چاودێری مەدەرنیزمی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ڕێکخراوەیەکی ئیمپریالیستی

جیهانی.
پارلەمان و پالەمانتاریزم لانەو قۆناغەکانی نیشتمان پەروەری بەرژواکانە بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پارلەمانی 2025 دا، خۆی لە خۆیدا نیشاندەری ئاشکرا بوونی ناوەرۆکی چینایەتی وردەبەرژوازیانەی ئەم جۆرە حیزبانەیە لەسەر ئاستەکی فراوانتردا، وە بوون بە ئامرازێکی تەواوکەری سووکایەتی بە ژنان وکچان کە لە ناو دەسەڵاتداریەتی پارلەمانی عێراقیدا وەک عورف و یاسای جۆعفەریە مەزهەبیەکان پیادەئەکرێن.
ژنان و کچانێک کە بەشداری لەم هەڵبژاردنانەدا ئەکەن وخەیان کاندید کردووە لەپێناو ئیمتیازاتی شەخسی خۆیان، هیچی تر نین بەجگە لە کەسانێکی گومڕاو وسەرلێشواو و بوون بە پاشکۆی دەسەڵاتداریەتی پیاوسالاری کۆنە ناو پەرلەمان و یاساکانی عێراق و هەرەمدا پیادەئەکرێن،و هەرچی زیاتر زنجیرەکانی کۆیلایەتی وسووکایەتی بە کچان و ژنان پتەوتر ئەکەن.
هەروەها بەشداریکردن لە هەڵبژاردنێکی لەم جۆرەدا لە ژێر ناوی (مارکسیست) بوونەوە، جۆرێکە لە ئۆپۆرتونیزمی بەشەرمانەی خیانەتکارانەی جیهانی وردەبەرژواکان کە پشتریش هەمیشە بەناوی (سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمەوە) لە شوێنەکانی تری جیهان یپیادەکراوە.
هەر بیانوویەک بۆ بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنەدا لە هەلومەرجێکی وەک ئێستای خەباتی چەکخراوی پڕلیتاریا کە لە دەرەوەی پەرلەمانی بەرژواکاندا لە ئارادا نیە ، جۆرێکە لە هەڵوەستەکی خیانەتکارانەو وکوێنوشێک وسەردانەواندنێکی موریدانەی بەرژوا ئاساییانەیە، کە دژ بە بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران و چەوساوەکانە، هەروەها بەراوردکرنی هەلومەرجی پارتی بەشەفی و تزەکانی لینین سەبارەت بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی بەرژوازیەدا ، لەگەڵ هەلومەرجێکی ئابووری و سیاسی و بەتایبەت بەراوردکرنی مایلەکی یەفەرمیستی شەعبەوی ستالینی یان مایلەکی یەفەرمیستی کرێکاری لەگەڵ پارتێکی شۆشگێڕی بەشەفی بەسەرکایەتی لینین، کارێکی بێهودەو بیانوویەکی شەرمۆنانەیە بۆ داخزانی یەکجارەکی وعەمەلی ئۆوانە بۆ ناو دامودەزگایەکی سەرکوتگەری چینێ چەوساوەکانی عێراق و پەرلەمانە کۆنەپەرستەکەیان، ئۆویش تەنها و تەنها لەبەر پاراستنی ئارامی ژیان و چالاکی سیاسی وردەبەرژوازیانەی خیانە لەناوچوار چۆوی ئەم سیستەم ودەسەڵاتە نەگریسە قەومی و میللی و مەزهەبیە سەرتاپا کۆنەپەرستانەیدا، وە ئۆوان بەمجۆرە و بە کردەوە ڕایانگەیاند و سەلماندیان کە لەشکری دژە شۆشی پڕلیتاریان کە ڕەنگە لە داهاتوویەکی تردا جگە بە دەسەڵاتداریەتی بەرژوازی لە عێراق و ناوچەکە لێق بکات.

وە بوون بە نموونەیەکی نوێی تر لە ڕیزی ئۆپارت و چەپ ڕیفۆرمیست و گەندەڵ و دژ بە شۆشی کە لە نیپاڵ وەاتانی تردا بوونیان هەیە، کە بەدرێژایی چەندین ساڵە وەک جڵلادی پرۆلیتاریا بۆرپرسیاریەتی گۆڕیان لە چەواشەکارن و بەلادابردنی خەباتی پرۆلیتاریا لە ئەستۆ گرتووە .



صابر.م
٢٠٢٥ / ١١ / ٥

-_____

[٦] https://en.wikipedia.org/wiki/Gangalal_Shrestha

[٧] https://www.marxists.org/archive/lenin/works/1916/jul/x01.htm

---

لە ستایشی (نەمنی)دا..
عەبدولموتەلیب عەبدوللآ

(ئەوی دەیبینن.. من نیم)

کاتێک کەسێک زۆر بیر لە خۆی دەکاتەوە، بیر لە خۆی ناکاتەوە بەو مانایەی کە ئیگۆیەکی گەورەی هەیە، بەڵکە دژی وەك (ئەویدیکە) بیر لەخۆی بکاتەوە! چوونکە مەرج نییە هەمیشە ئیگۆ وەنەیەکی خۆبەگەورەزان و نەرگزی هەڵگرتبێ… دژی (نەمنی) بێ، یان بژی

چەپنراو و خشوێستکەی ئێگۆ ئوێدیکەی جیاواز بۆ (من ئوێدیکەم وەک خۆم، خۆش دەوێ)...
بیرکردنەوە لە پرسی ئوێدیکە (الغیریة) دەمانباتەوە بۆ قسەکردن لەسەر خود (الذات)ی خۆنوێست؛ بۆ قسانەش کەی ئەو گفتوگۆیانە فرامۆش دەکەم، کە لە بارەی (من) وەک: (کەس، ئێگۆیزم، سوبێکت) و (ڕۆح، عەقڵ، فیکر) و (زمان) کراون و تەنها ئوێ دەڵێم، کە جیاوازی نێوان (من) و (خود) ئوێیە: کاتێک کە (من) بەپێی دیدگا ئازادەکانی خۆی (نەک غەریزەکانی مەگەل) شونێنی خۆی بونیاد دەنێت، ئوێ پێی دەڵێن (خود)ی هۆشیار! خودی بناس بۆ هاوکاریی ئوێدیکەی جیاواز، ژیان دادەهێنێ... ئەگەرچی پێوەندی نێوان من و ئوێدیکە پێوەندییەکی ئاڵۆز و فرەلایەنە و پێویستی بەشیکردنەوە و وردەکاری زۆر هەیە، بەڵام ئەمڕۆ لەسەردەمی تەکنەلۆژیادا سوبێکت دووچاری شلەکی ئازادی بووە...
لە شیعری (نەمنی)دا (مەولود ئیبراهیم حەسەن)ی شاعیر چەمکی نەمنی وەک نوێنەرێکی خۆنوێست و ئازادی تاکگەرا بەکارهێناوە؛ لەوشوە هەموو شتێکی بە (خودی هۆشیاری- دیکارتی) و دەرکەوتنی ماهیەتی-ئوێدیکە گرێداندتوە! شاعیر چەمکی نەمنی وەک ڕێبەری خۆنوێستی و بڕپرسیاری ئازادی بەکارهێناوە، کە ئامانجی یارمەتیدانی ئوێدیکەیە بۆ ڕزگاربوون لەو وەهمانەی کە ئێگەی خۆبەگەورەزان دروستی دەکات؛ چەمکی نەمنی وەک گۆیشتن بۆ حاڵەتێک لە ئاشتی ناوەوە و هۆشیاری ئاستقینە بەکارهێناوە؛ چوونکە بڕپرسیارێتی هەڵبژاردنی ئازادی ئاستقینە و ئاشتبوونەوە لەگەڵ ناخ کاتێک دەست پێدەکات، کە تەدەگەیت ئێگە تەنها تە نیت؛ بەڵکە ئوێدیکەیە!
کەواتە ئاشتەوایی و سەربەخۆیی ئەو سیستمەیە کە (مەولود ئیبراهیم حەسەن) داهێنانەکانی ڕووداوی بوونی نەمنی لەڕێگای زمانەوە لەسەر بونیادناوە؛ (زمان) لە ڕووداوی بوونی نەمنیدا وەک چرکەساتی سەرهەڵدانی گوتارێکی (وجودی) جەگیر و تەکەم خۆی دەنوێنێ... بەڵای من ئوێی ڕێگا بە شاعیر خۆش دەکات دەروازەیەکی نوێ لەبەردەم زانستی مەدەرنی زماندا بکاتەوە، درککردنی هەوڵە پێشینەکانی شیکاری دەروونی (زیگمەند فرۆید)ە، لەبارەی چارەکردنی نەخۆش لەڕێگای دەربینی ناخ بە ئازادییەوە ... بەو مانایەش وەک شاعیرێک، پەنا بە یاساکانی دەروونشیکاری فرۆید دەبات و لە درککردنی ئەو ڕێگایەوە وادەکات (نەمنی) بە ئازادی قسەی خۆی بکات، بەو مانایە نەمنی شیعری، لەلایەک بە ئازادی خۆی دەردەبڕێ و لەلایەکی دیکە بۆشوێی واتای بوونی (هایدگەریی) بوونی شاراوە دەکاتە بینراو و نهێنییەکان ئاشکرا دەکات... لەوشوە (من و کۆشکانی منی چەپنراو) لە ڕووداوەکی بوونگەریانەدا (نەمنی) وەک کردنەوەی

(شۆنی خودی بناس) و (بنەماکانی زمان) وەك شیعر لە دەروونشیکاری تەدەپڕێنن و لە گوتارەکی تەکمەی ئازادانەی شیعریدا خۆی بەیان دەکات، وەك هۆوداوەکی بوونگەرانە دەبینت:-

بە دەنگیم
دەمامکەکە
شیتەم دەشارێتەوە
شەتیم
دەمامکەکە
تاوانباریم دەشارێتەوە
تاوانباریم
کرمەکە جەرگم دەخوا
ئەوی دەیبینن.. من نیم .

منی شلەك

شەوازی شلەك (السیولة) چەمکەکی کەمەناسی پێشنەدی (زیگمەنت باومەن)ە؛ شەوازی شلەك: بارەکە لە بەرەنجامی گۆڕانکاریی خێراکانی سەردەمی گلۆبالیزم و شۆڕشی ئەلیکترۆنییەوە هووە دەدەن؛ هۆشنبیریی شلەکیش هەموو شەوە و ماناکانی هۆشنبیریی تەکمە و چەسپاو دەگۆڕێت؛ لە هۆشنبیرییی شلەکدا، دەشە لە هەموو چرکەساتەکدا بەها و باوەڕ و پەوەرە کەمەایەتییەکان و ئەخلاق و هۆفتاری تاك بگۆڕێن! لەرەوە لەو نووسینەدا دەمەوێ (هۆشنبیریی تەکمە) و (سوبەکت) لە هۆوداوی (نەمنی)ی شاعیر و (نەمنی)ی شاعیریش لە (منی شلەك) گەڕێم بکەم و لەسەر ئاستی شەوازە شلەکانی (زیگمەنت باومەن) وەك توانەوەی شەوە و ماناکانی (من) و لەناگای گۆڕانکاری بەردەوامەوە، کە هیچ سنوورەك ناس ناکات و هیچ ئامانجەکی دیاریکراویشی لەخۆ نەگرتووە، هەوڵی خوێندنەوەی هۆوداوی بوونی (نەمنی) شاعیر بدەم!

کەواتە ئەوەی دەتوانین وەك شیکاری دەروونی لەناگای دەربەینی ئازادانە بیبینین، جیابووتەوە یان دابەاوە لەوەی کە دەبێت وەك هۆوداوی بوونی شیعری بیخوێنینەوە؛ لە هەموو ئەو بەدواچوونشدا (زیگمەنت باومەن) لە کتێبی (مەدەرنەی شلەك) وای دەبینێت کە: بەرخەری لە کاەای ماددییەوە هەنگاوی بەرەو بەرخەری لە هەست و سۆز و پەیوەندییە مرۆیی و تەکنەلۆژییەکان ناوە؛ بەو مانایەش هۆشنبیریی تەکمە و چەسپاو هەنگاوی بەرەو هۆشنبیریی شلەك ناوە؛ قسەکردنی ئازادانەی فرەیدی هەنگاوی بەرەو هۆوداوی بوونگەرایی هایدگەر ناوە…

هەبەتە لە هۆشنبیریی شلەکدا (خۆشویستی و کۆتنە داوی

خۆشەویستی) بۆتە ئەزموون و توانست، ئەزموونکانیش بوونەتە
هەنان! دەمەوێ بڵێم بەو مانایە (منی شلەژاو) دەتوانێت هەمان
(ئاوەی دەیبینن.. من نیم) وەک ئەزموون بە گەنجانکاری جەراوجێرەوە
بکار بهێنێت، یان بە بەرنامە لە دەرگای (تاقیکردنەوەی
خۆشەویستی) هەشنبیریی تەکەم و چەسپاو بدات و بەردەوام ئەزموونکی
دیکە لە کەسکی دیکەدا بە مەبەستی جیاوازی و لوتکەی چێژ و خۆشی
بەسەربردن... تاقیبکاتەوە!
لە کەمەگای بکاربەردا کاراکان زوو بەرهەمدهێنرێن و زوو تەواو
دەبن؛ واتە سوبکت هەمیشە لە خاڵی سفردایە! لە خاڵی سفری
ئازادیدا، زانیاری پێش کەکردنەوەی زانیاریی دەکەوێت؛ خەرایی پێش
کاردانەوە و وەڵامدانەوە؛ هەشنبیریی شلەژاو پێش هەشنبیریی تەکەم و
چەسپاو؛ ئازادی تەکنەلەژی پێش بوونی هەسەن... لەڕەوە لە خوێندنەوەی
هەوداوی (نەمنی) شاعیردا دەمەوێ نەمنی و منی شلەژاو بەهەی شەشی
زانیارییەکان و گەڕانکاری خەرای کەمەگای تەکنەلەژی و پلەی سفری
ئازادی و پێوەندییە دیجیتاییەکانەوە، لەیەکنزیک بکەمەوە؛ بەو
سیفەتانەی کە (نەمنی) شیعری و (منی شلەژاو)ی تەکنەلەژی
هەیانگرتووە.
ئیگە لە کەمەگای تەکنەلەژیدا گەورەترین وەهمی ئازادییە، ئیگە
ناسنامەی هاستەقینە نییە! تەنها پێکهاتەیکی دەروونییە کە لەسەر
بنەمای ترس، ئارەزوو و پابەندبوون و پلەی سفری ئازادی دامەزراوە!
بەڵام ئیگە هەرچەندە هەشیار بیت، کەمتر پێویستی بە بەرگریکردن
دەبێت؛ هاستی پێویستی بە سەلماندن نییە، پێویستی بە ئازادی
هاستەقینەیە، پێویستی بە سەلماندنی بوونە لەلایەن ئاوێدیکەی
جیاوازەوە... بۆیە لە شیعری (نەمنی)دا دەتوانین بڵێین هەمیشە
ئازادی لە خستنەووی چەپەنراوکانی ناوەوە دەرفەتکی دیکە بە
تێپەڕاندنی سنووورکانی (نەمنی) تاقی دەکاتەوە: (ئاوەی دەیبینن..
من نیم.) ئاوەش وەک گوتمان هەر خەنوێستی نییە، دەشە قسەکردن بە
لە جیاوازی بوونی ئاوێدیکە، بەڵام نەک بەو مانایەی کە ئاوێدیکە
هەنگدانەوەی من بە، بەڵکوو بەو مانایەی کە ئاوێدیکە نهەنییەکە
و من ناتوانم خاوەندارێتی بوونی بکەم...
(ئیمانوێل لێڤیناس) لە کتێبی (کات و ئاوێدیکە) پێوایە کە
ئاوێدیکە بوونەوەرێک نییە، بەو شاوەیەی من دەمەوێت، بکاری بهێنم
یان لێکیبدەمەوە یان پرۆجێکتی بکەم، بەڵکوو بوونکی ئازادە کە
هووخساری داوایکی ئەخلاقیی لە دەکات؛ هەر بەو مانایەش منی ئازادی
شاعیر لە هوداوی بوونی (نەمنی)دا گوزارشت لە ئاوێدیکە دەکات؛
هەر بەو مانایەش هەڵبژاردنی ئازادی (نەمنی) بە پێوەندی لەگەڵ
بوونی ئاوێدیکە دەپوڕێت! پاش (ئاوەی دەیبینن..) ئیتر گەڕانەوەی

منی خۆنەویست (منی شاراوە) بە (نەمنی)ی شیعری، وەك حاڵەتێكی دەروونی نا، بەڵكە وەك پرسیارێكی بوونگەرانەی شیعری باسی جیهانی منی شڵەك دەكات...

جیهانی شڵەك

ئایا پرسیاری بوونگەرانەی (نەمنی) ڕەنگدانەوەی جیهانی (منی شڵەكە)ە، یان نهێنییەكە ناتوانم (وەك ڕووداو) خاوەندارێتی بكەم؟! دژە لێكۆڵینەوان كردەی (خاوەندارێتی نەكردن) و چەمكی (منی شڵەك)دا هاوتایەك هەبە، یان هاوتایەك لێكۆڵینەوان كاری شیعری وەك بابەتێكی جوان (كە چۆژ تێیدا دەردەكەوێت) و ڕووداوی شیعری (كە بوون تێیدا دەردەكەوێت) هەبە، بەڵام حاڵەتی دەروونی نەبە...

لەوەو دەڕەم جیهانی (منی شڵەك) نزیكە لە تەكنەلۆژیا و ڕەشنبیریی شڵەك و چۆژ؛ بەڵام ڕووداوی (نەمنی) شیعری شوێنكەوتەی لە ڕەشنبیریی تەكەم و ئاویدیكەی جیاواز و بوونگەرایی؛ واتە نەمنی شاعیر بە پەیوەندی لەگەڵ بوونی ئاویدیكەی دەپوورێت؛ نەك چۆژی تەكنەلۆژی؛ بە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤایەتی دیاری دەكرێت، نەك سوپەرمانی نیچەیی؛ بە پەیوەندی لەگەڵ ڕووداوی بوون شوێنەك بونیاد دەنێت، نەك لەگەڵ ئازاندنەوەی زمانی شیعری...

كاتێك شاعیر من لە خۆی دەردەهێنێ، ئاویدیكە دەبینێ؛ بەرپرسیارێتی منی شاعیر بەرانبەر بوونی ئاویدیكە سەرچاوەكانی لە هۆشیاریەوەیە، بەرپرسیاریەتی منی شاعیر بەرانبەر ڕووداوەكانی نەمنی سەرچاوەكانی لە هەڵبژاردنی ئازادیەدایە... بەكورتی ئازادی من شوێنی بوونی ئاویدیكەی جیاوازە، كە وەك شیعر ناتوانم لە ڕووداوی (نەمنی) تێپەڕێنم؛ بەو مانایەش ئاوەی دەبینن.. من نیم، بەڵكە منی خۆنەویستە؛ شوێنی نەمنی ڕووداوی شیعری لە داخوازیە مرۆڤایەتیەكانەوە سەرچاوە دەگرێت؛ بەڵام ئاوەی ئاو جیهانە دروستكراوە ڕەخسێنراوەی ڕووداوی نەمنی بە منی شڵەك دەبەستێتەوە، لە داخوازیەكانی چۆژ و هێزی سوپەرماندایە! چوونكە داخوازیەكانی ڕووداوی (نەمنی) خۆویستیی مرۆیە؛ داخوازیەكانی (منی شڵەك) خۆویستی تەكنەلۆژیە؛ خۆویستی مرۆیی پەیوەندی بە بەخشینەوە دەكات؛ خۆویستی تەكنەلۆژی پەیوەندی بە چەمكی زەدەیەكانەوە هەیە!

بە كورتی لێرەوە دەتوانم بڵێم پەیوەندی نێوان تەكنەلۆژیا و منی شڵەك لە (پلەی سفری ئازادی، یان ئازادی وەك كەرستە) دروست دەبێت؛ نەك وەك دیاریكردنی پەیوەندی خۆویستی... (زیگمەنت باومەن) لە كتێبی (خۆویستی شڵەك)دا پەیوەندی نێوان تەكنەلۆژیا و منی شڵەك ناو دەنێت (خۆویستی كەرستەیی)؛ بەو مانایەش لە جیهانی

تەکنەلۆژیادا پەیوەندی خۆویستی بە بوونی ئۆویدیکی جیاواز لە پەیوەندییەوە بۆتە ئەزموونکان ژمارە و زەدە ژمارەن؛ ژمارەکان بوونەتە کاها؛ پەیوەندییەکان بوونەتە پەیوەندی بەرژەوەندیخوازانە و کاتی؛ بەو مانایەش دیاریکردنی پەیوەندی خۆویستی تەکنەلۆژی بە لۆژیکی (ئابووری و بازرگانی) دەپوڕەن، لەسەر بنەمای (زیان و قازانج)؛ یان ئەو خۆویستییەوە (تاقیکردنەوەی خۆویستی) تەماشا دەکرێت! کەواتە ئەوەی لە پلەی سفری ئازادیدا دەیبینن، بەکە ئەزموونکی دیکەی منی شلەکە و کەسکی دیکە تاقیدەکاتەوە؛ واتە گۆینی بە کەسکی دیکە!.

جیهانی منی شلەك، جیهانی زەدە تاقیکردنەوەیە، جیهانی زەدە قازانج… جیهانی منی شلەك لەسەر بنەمای ئابووری تەکنەلۆژی وەستاوە… بەڵام شوێنی نەمنی، شوێنی بەخشین و بەزگرتن… شوێنی ڕووداوەکانی نەمنی وێنە و بوونی ئەو بەخشینە ڕاستەقینەیە دەکەشە کە (جەرج باتای) لەسەر بنەمای–ئابووری هەتاوی- باسی دەکات؛ واتە: بەخشینەکی تاکلایەنانەی وزەی هەتاو بە بوونی ئۆویدیکەی جیاواز؛ بەخشینی ئەو شتەی کە خەت بە خاوەنی نازانیت، پشت بە ماماڵەکردن نابەستێت؛ هەتاو دەسووتێت و هەدی هەدی لە وزە (خۆویستە) بەادەکەیدا (مەستمان) دەکات، (ژیانمان پێدەبەخشێت)… بڕوانە: کتێبی (تیۆری ئایین) و: هاوار محەمەد، دەزگای ئایدیا، 2017، چ حەمدی- سلەمانی، ل122-123.

دەمەوە بەڵم بوونی خۆویستی مرۆیانەی وەك (تیشکی هەتاو) پشت بە مامڵەکردن نابەستە؛ پشتبەستن بە مامڵەکردن، دەکەوێتە سەر سووکایەتیپێکردن (زیاتر قەرزبار کردن)! لەبەرانبەریشدا (تاقیکردنەوەی خۆویستی) تەکنەلۆژی پەیوەندی بە زەدە قازانج و زەدە مامڵەکردنداینە…

بگوومان ئامادەیی بوونی خۆویستی لەسەر بنەمای (ئابووری هەتاوی) دەلالەت لە بەخشینی وزەی دەروونی و بەخشینی (خۆویستی) بە بەرانبەر دەکات… ئامادەیی خۆویستی لەسەر بنەمای (ئابووری تەکنەلۆژی) کاهایە، قازانج… یەکەمیان، بەردەوام بیر لە نرخ و شکەی بوونی ئۆویدیکەی جیاواز دەکاتەوە؛ دووەمیان، بیر لە زەدە سوود و ئاوگە و زەدە بەرهەمهێنان و هەبوونی زەدە دەستکەوت دەکاتەوە… یەکەمیان، هەمیشە خۆویستی وەك خاڵی سەرەتایی دەبینە؛ دووەمیان، خۆویستی وەك کاها سەرف دەکات و لە پلەی سفردا (زەدە-خۆویستی) تاقی دەکاتەوە؛ (ئالان بادیە) لە کتێبی (لە ستایشی خۆویستی)دا، دار التنویر، 2014، ترجمة: غادة الحلواني- لە بڵاوی (خۆویستی لە ژێر هەڕەشەدایە)؛ بە ناوی (خۆویستی ئازادانە)ی سەردەمی بەکاربردنی خۆویستی… دەڵێت: من پابەند نیم، من پابەند

نیم، واتە: خۆشویستی لە پلەی سفردا! بۆ مانایە دووەمیان، پلەی سفری خۆشویستیە... کەواتە (ئەوەی دەیبینن.. من نیم) واتە دوور لە پلەی سفری خۆشویستی دەلالەت لە بونیادنانی خۆشویستی دەکات.

مەدرەنەی شلەك

لە دیدی (زیگمەنت باومەن) کەمەندگای تەکنەلۆژی دەلالەت لە توانەوەی پەکهاتە کەمەلایەتییە چەسپاوەکان و دامەزراوە تەکمەکان دەکات؛ بە مانایەکی دیکە کەمەندگای تەکنەلۆژی مەدەرەنەی شلەکە و لەندگای گوزارەی تاکگەرایی و مەسرەفگەرایی جەگای بە گوزارەی هاوەاتیبوون و هاوداوەکانی بوونی ئەویدیکە، چەل کردووە؛ لەندگای پەیوەندی هاوبەندییەوە جەگای بە پەیوەندییە کەمەلایەتییەکان تەنگ کردووە... لەوەشەوە (زیگمەنت باومەن) ئاماژە بە لەرزەکی و کەمخایەنی پەیوەندییە مرۆییەکان دەدات و دەڵێ پەیوەندییە مرۆییەکان، تا دێت زیاتر شلەك و کەمخایەن و زوو تەپڵە دەبن؛ شلەکی پەیوەندییە مرۆییەکان، هەستی تاوانباربوونمان بۆ درووست دەکەن، هەرچەنەك ئەو هەستە بخەینەوو، هەست بە تاوان دەکەین، هەرگیز ئەو پەیوەندییە هەستی بەکەمەبوون درووست ناکات، بەڵکە وەك هاوبەندی ئەو کاتە کەتایی دێت کە داواکاری و ئارەزووکانی ئەمە جێبەجێ ناکات، وەك وەك کایە... لە کەمەندگای بەکاربەردا کاکان زوو بەرهەمدەهێنرێن و زوو زوو تەواو دەبن؛ لە کەمەندگای بەکاربەردا چەژ بەتە بەشەك لە بەکاڵابردنی سوبەکت، چەژ بەتە هەکاری سەرەکی درووستکردنی پەیوەندیەکان...

تاوانباریم

کرمەکە جەرگم دەخوا

دەشە پەیوەندییە کەمەلایەتییەکان و هاوبەندی تەکنەلۆژی لەنێوان منی خەنەویست و کەشکانی منی چەپێنراو لەو پرسیارە (نالەژیکی/ لەژیکی) یانەدا هەڵگرینەوە و بڵێین: خەزگە (تاوانباریم) وەك کرمەك بە ئازادی جەرگی خواردم، لە دەرەوەی ئامانجی بە هەستی تەکنەلۆژیاوە؛ ئەی (بەدەنگیم) کرمی نەبینراوی جەرگم بوو... چی بوو؟! ئەی چی دەبێت بەبێ دەنگی لەلایەکی جەرگم هەبکەم، یان گوێم لەدەنگی تاوانە شاراوەکانم بێ... بەڵام لە هەموو ئەوانەشدا ئەی چی دەبێت ئەگەر زەنگی چەنراوەکانم لەبری زەنگی تەکنەلۆژیا، سەاوی هاوداوەکانی بوونی (نەمنی)ی بە پلەی سفری ئازادی (منی شلەك) بگەڕێتەوە؟!.

دەمەوێ بڵێم ئەو لەکەینەوە قووڵەی (زیگمەنت باومەن) لە بارەی مرۆڤ لە سەردەمی مەدەرنیتە شلەکاندا پشکەشی کردووە، ترسەکانی چیتر لە مەترسییە کەنکرێتییەکان و کەنتەکراوەکاندا قەتیس نین،

بەکە گەاون بە دەخکی بەردەوامی دەەاوکە و نادنیایی… لەو قسیدیشدا وك ەوونمانکردەوە (ترسی ەوداوکانی- نەمنی) چیتر لە هەەشەیکی دیاریکراو و دوورەوە سەرچاوە ناگرێت، بەکە لە ناسکییەکی بە مەودا و نزیکەوە هەقوەاوە، کە خەیان لە تایبەتمەندی دیجیتاڵی و مامەڵەی تەکنەلەژی و مەترسیە ئابووری و ژینگەییەکانەوە تا ناسکی چاودەریکردنی ئەمنیی و دەەاوکە و نادنیایی هەەدگرنەوە… هەموو ئەوانەش وك کەمەە زانیاری کەەکەکراو و زیرەکی/ ژیری دەستکرد و ەەفتاری بەکەمەە لە قاڵب دراو شلتر دەردەکەوێت و لەوێوە هەموو سنووردانەکانی مرۆڤایەتی بەزاندووە و لە هەموو شونێ بەشێوەی سوپەرمانی نیچەیی باودەبتەوە و بەردەوام دەگەەت…
ئیتر ئەوە شونی کەمەگای تەکمە و چەسپاوە، کە جیهانی کەمەگای ئەلکترۆنی بەرهەمهێناوە؛ ئەوە هاوبەشێدی تەکنەلەژییە، کە مەدەرنیتە شلەکانی لەکەوتتەوە… کەمەگایەکی بەرهەمهێناوە، کە لە ناسکی بەردەوامی ئامێرە بە هەستەکاندا بڕی… ئیتر پەیوەندی کەمەایەتی ەاستەقینە و دامەزراوەی سەقامگیر و دنیایی تەکمە و دەروونشیکاری… ەەژیان ئاوابوو؛ ئیتر تاکەکان ەووبەووی ترسی هەمیشە گەاو دەبنەوە! (زیگمەنت باومەن) لە کتێبی (الخوف السائل)، ترجمة: حجاج أبو جبر- ط1، بیروت-2017. دەەت: مەترسیەکان چیتر تەنیا لە کارەساتە تەقلیدییەکاندا سنووردار ناکرێن، بەکە بوونەتە بەکاری شلەك و دامانی بازاڕ و پیسبوونی ژینگە و گەانی کەشوهەوا… جگە لە هەموو ئەوانەش (ترسی خەیاڵی) ترسی شەو تاریکەکانی نادنیایی کە لەلایەن میدیا و سیاسەتەوە وەك ئامرازێك بۆ کۆنترۆڵکردن بەردەوام تووند و تووندتر دەکرێت؛ یان لەسەر بنەمای تاریکی نادنیایی کۆنتڕۆڵی پەیوەندییە کەمەایەتییەکان دەکات و کەمەگا دەخاتە دەەاوکێی بەردەوامەوە.

عەبدولموتەلیب عەبدوڵآ
هەولێر 29/9/2025

تێکدانی زمانی کوردی لە پڕۆگرامەکانی خوێندنداو.. سەدیق سەعید ڕواندزی

پڕۆگرامەکانی خوێندن، وەك نموونەكی بنەڕەتی فەرکاری، ڕێكخستنی زمان و بەرە گرنگ و کاریگەریان هەیە لە ڕێکخستنی زمان و بەستانداربوونی، چونکە ئامرازیی فەرکردنی نموکانن. لەو سەنگەوە پڕۆگرامەکان لە ڕووی زمان و ڕێنووسەوە، دەبە یەك شێوە بن و بە وردی پەیڕەو لە خاڵبەندی و لایەنی ڕێنووسی زمانەوە بکەن و زمانەکی ڕاست و دروست و بە هەڵەیان تێدا بێت، کەچی بەداخەوە لە هەرەمی کوردستاندا، پڕۆگرامەکانی خوێندن لە بڕی ئاوەی ڕێگەی بە ستانداربوونی زمان ببینن، بە جۆرێك لە جۆرەکان لە ڕێگەی ئەو گەڵانکاریيە نا فەرهەنگی و نا دەستووریانەی زمان کە ساڵانە بە ناوی نوێکردنەوە ئەنجام دەدرێن، ئاوەندەی تر زمانی کوردی دەشێوێنن و پەرتەوازەتری دەکەن. بە ئەمسایی خوێندن، لە پڕۆگرامەکاندا پیتی (وو) بزوێنی درێژیان لاداوە. بەگومان ئەم پیتە، پیتەکی سەربەخۆیە و لە ڕێزبەندی هەفت پیتە بزوێنەکەیە و ئەو وشانەی ئەم پیتەیان تێدایە، بە نموونە: وەك (بوون، چوون، هەمووان، سەرکەوتوو، شاتوو، دووربین، مووچە، ووون، ڕوو، ڕووگە، هاتووچۆ) و گەلەك وشەی دیکەش، خەیان لە بنچینەدا هەڵگەی ئەو پیتەن و پیتەکە بەشکە لە سرووشتی بوونی زمانییانەی وشەکە، نەك ئاوەی پیتەکی زیادکراو بێت، تاکو بتوانرێت لابببردرێت یان گەڵانکاری تێدا بکرێت. گەر هەمان ئەم وشانە بە شێوەی (بو، چو، ڕو، شاتو هەموان) بە نموونە بنووسین، دەبینین لەلایەکەوە لە ڕووی فەرمی نووسینەوە چەندە ناڕێزمانی و نا ئستاتیکی دەردەکەون، لەلایەکی دیکەشەوە لە ڕووی دەربەینیشەوە چەند لەنگییان پێوە دیارە، چونکە کە دەڵین (ڕوو) ئاوا (وو) دەردەبڕین نەك (و) . یاخود گەر لە بری (ڕوون) کە بە مانای ساف دێت بنووسین (ڕون) ئاوا دەبینین ئاسمان و ڕەسمان لە ڕووی ماناوە جیاواز دەکەونەوە، چونکە ئاوەی دوایان، پێداویستییەکی ئامادەکردنی خواردنە. ئاوانەی ئەو گەڵانکاریيان لەو پیتەدا کردووە، لە ڕاستیدا بای ئاوەندە ئاگایان لە زمانی کوردی نەبووە، کە زمانی کوردی نووسین و گۆکردنی وەك یەکە و جیاوازە لە زمانەکانی دیکەی وەك عەرەبی و ئینگلیزی و

هەموو زمانەکانی دیکەی دنیا، کە زۆرجار وشەیەك لە ڕووی نووسینەوە هەڵگری پیتەکە، بەڵام خوێندنەوەی جیاوازە، ئەمە لە زمانی کوردی نییە. کاتێ دەڵێین (هاوڕێ) ئەوا دەبێ بنووسرێت (هاوڕێ) کاتێ دەڵێین (گورگ) ئەوا دەبێ بنووسین (گورگ). هەموو وشەیەك لە زمانی کوردیدا دەبێ وەکو خۆی بنووسرێت، چونکە تاکە زمانێ نووسین و گۆکردنی هاوشێوەن. دواجار دەبێم گۆڕانکاریی لە پێگرامەکانی خوێندن لە ڕووی زمانەوە ئەرکی بەڕێوەبەرایەتییەك و چەند لیژنەیەك و زمانزانێك نییە، کە ئەنگێ تیایان دابێت سااڵنە دە کتێب لە سەر زمان نەخوێنێتەوە، بەڵکو ئەمە دەبێ بە هاوڕێکردنی زانستییانە و فەرهەنگییانە و پلانی پەروەردەیی و میتۆدی بێت، بە مەرجێك گەر پێویست بوو گۆڕانکارییەکێ بکرێت، نەك ئێوەی کەسانێك وا بزانن (و) و (وو) هەریەکن وەك ئێوەی تێی گەیشتوون !

ئەم بابەتە لە ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە(1393) ڕۆژی 23/10/2025 بڵاوکراوەتەوە.

گەزیزە.. برایم فەقێشی

لە حەوشی ماڵی خەیان ڕووت و قووت دەخولایەوە و گەرانی دەگوت. منی بینی و دای لە قاقای پێکەنین. کاتێك دایکی لە بەر ترومپا دەیشووشت، ئەو یەك بە خێی دەینەڕاند، دەنگی قیژە و هەرای گەڕەکی دادەگرت. ڕۆژێك پێخاوس، پاپەتی هاتبووە ناو کۆڵان، دەنگی گریانی بەرز بەوە، ئەمە خەمان گەیاندە، دیتمان پێنیز بە لاقیدا چووە و خوێنی لێدەتکە، من پێم بە لاقیدا کرد، هەمهەنا و دەمم بە پێنیز داکرد و تفم کردەوە. گەزیزە خێی پێدا کەشام ماچم بکات، کەوتم و سەرم بە بەردێکدا کەوت و هەڵتەقی. ژانی زۆر بوو، نەگریام. لە سبەی ئەو ڕۆژەوە گەزیزە بە کوشکی سوورەوە دەهاتە دەر.

لە شارەکەی ئەمە کۆڵان و شەقام ئاسفاڵت نەبوون، جگە لە لای سینەما و دوخانیات. منداڵ دەچووە لەوە شەلاقە و مەزراق و شاتیان دەخولاندەوە و ئەمەش دەچووین. ڕۆژێك لە ناکاو گەزیزە نەماندی، ئای حەسەن زیرەك، حەسەن زیرەك. ئێوەی گوت و شوێنی کەوت، ئەمەش بە دوایدا. لە نزیک شیرکەتی نەوت کە هێندەی نەدەما بە دەرەوەی شار ،

خۆی کرد بە ماڵکدا، کە چووینە بەر دەرگا، دیتمان شایی و زەماوەندە و خەڵک هەڵدەپەڕن. گەزیزە خۆی کرد بە ژووروودا و یەکسەر چووە گاوانی . وەها خۆی بادەدا، نەبەتەوە. زەربەی خەڵک چاویان تەبەیبوو. حەسەن زیرەک کە کاتی هاوارکردنی ئەو، لە بەر دوخانیات ئاوەی دابوو و پێکەنیبوو، زانی ئەوە کچە کەوش سوورە. لێی نزیک بووە و پرسی کچەکە ناوت چییە، وتی گەزیزە. زیرەک یەکسەر تێچریکاند:

ئەی لە کەم و لە کەمە
لە گەزیزە و لە خەمە
لە ماڵ زاوا و بوکەمە
کەوش سووری هاوەمە
کچە کوردی بەکانی
زۆر و زەوەی ئازیزی.

خەڵکی ناو حەوش و حەسار و سەربان و بەر دەرگا، دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان و چەند ژن چوون، گەزیزەیان لە باوەش گرت و ئەولاو ئەو لایان ماچ کرد و چەند کەس وێنەیان لە گەزیزە و زیرەک گرت.کە هاتینە دەرێ گەزیزە هەتا ماڵی خۆیان بە سەما وهەبەز هەبەز، بە ڕێگادا دەچوو. کە گەیشتینەوە نزیک ماڵی خۆیان، بە دەنگی بەرز چریکاندنی، کچە کوردی بەکانی، زۆر و زەوی ئازیزی.

باوکی گەزیزە شەفری ماشێن بوو. ئەو شەوانەی باوکی نەدەهاتەوە، دایکی بە منی دەگوت، بچم لە ماڵیان بخەوم. دایکی گەزیزە، کاتی چەشتلێنان لە بەر خەیەوە گەرانی دەگوت و دەنگی لە فەتانەی وەلیدی هاوشاریی دەچوو، چۆن گەیشتبوونە ئێرە، نەماندەزانی. گوندەزی دەکەرد و گەڕەوی و کراسی دەچنی و گەزیزە بە دەستکردی ئەو دەڕازاندرایەوە، هاوسا و جیران دەهاتنە لای بۆ ئەوەی گەڕەوی و دەستکەش و شاڵی ملیان بۆ بچنێ و گوندەزی دەسرەی سەر تاقەیان بۆ بکات. ئەو جگە لە فەنی و مەشکەفی و هەوا و غوابی، شەربەتی خۆشی ساز دەکرد.

